# هەردەم لە شوێنێک، هەمیشە لەماڵەوە

**جەلال بەرزنجی**
**(کەنەدا)**

لە پشت شووشەی هۆڵی، دەروازەکەم،
لەو گەشتانەی لە ژیانمدا کردوومن
ورد دەبمەوە.
بیرمە،
هەندێکیان،
بۆ مانەوەم بوون
هەندێکیان،
بێ پلان.
نەمدەزانی کەی تەواو دەبن
هەندێکیان،
هەردەتگوت ڕێگایان، لە خم نراون،
حەزم لێ نەبوو،
تەواویان کەم.
ئەو جانتایە،
هەمیشە لە سەفەران لە گەڵمە.
وێنەی دایکم و
ئەو تەسبێحەی گوتی
"کوڕم زۆرم دوعا پێی کردووە،
بە سەلامەتی،
بگەڕێیتەوە تاراوگە،
کە خانەنشین بوویت،
بێیتەوە ماڵەوە"ی
تێدایە!
وەک ئەوەی دەستم لە سەر دڵم بێت،
دەستم لەسەری داناوە!
هەستم بۆ لێ ڕوانی دوو باڵ،
تا بمباتە شوێنێک،
گەرمای باوەشی مرۆڤایەتی لێ مابێت
لەوێندەر،
ڤاچەکانم بە تەواوی عاردی دەگرن،
بەتەواوەتی خۆم دەبم،
لە سەر هەورە!
بێ ئەوەی هیچم کردبێت،



ماندووم.
هەر دەڵێی لە شەڕێکی گەورە،
هەموو شتێکم لە دەست داوە.
بیر خۆمی دێنمەوە،
چیم هەبوو؟
چاوەڕوانم،
بۆ تەواوبوونی تابووت
بە فڕۆکەیەک،
لەو فڕۆکانەی
بێ ئەوەی ئاڵا،
یان لۆگۆی وڵاتەکەمیان لە سەر باڵی بێت،
ڕۆژانە دەنیشنەوە و دەفڕن،
بگەڕێمەوە تاراوگە.
تا پاییزێکی تر بۆ تەواوبوونی لە دایک بوونم
بگەڕێمەوە زێدم.
ئەوجارە گەورەش ببمەوە
هەتا ئێوارە شەڕ هەڵگیرسێت
چی دەبێت با ببێت.
لە باخچەی پشتەوەی ماڵەوەمان،
زیاتر ناڕۆم.
نازانم ئەوە چەندەمین جارە،
شوێنی خۆم بگۆڕم
وا دەزانم گۆڕینی ئەو هەموو کورسییە،
ماندوو بوونم
دەحەسێننەوە،
بەڵام وانییە
ناشزانم بەو ڕەوشە،
حەڤدە سەعاتم
لە ئاسمان
هەتا ئەو ماڵەی لە دوای ئەوەی لە شەڕ هەڵاتم
لە بەفرانبار لە باکووری ئەمریکا،
دامنا
چۆن لێ دەڕوات؟
گوزارشت کردن بە وشە،
لەو ڕەوشە ئاسانە،
بەڵام لە ناوی بژیت دۆزەخە.

**٢٨-٢-٢٠١٧**

**فڕۆکەخانەی هەولێر**